www.kurdistannet.org 15-9-2002

## گەلێكی بێ پشتیوان و
## داگیركەرێكی فاشیست

برایا وەك گەلانی تری دنیا بمان توانیایە ڕوداو ڕێكەوتی مێژوویی خۆمانمان تۆماربكردبایە،تاكو نەوەكانی داهاتوومان ئاشنابوونایە بە مێژووی خۆیان .چونكەداگیركەران بەوپەڕی پەرۆشەوە دەیانەوێ لەم بوارەدا بێ ئاگابین .تاكو ئاسانتر نەخشە گڵاوەكانیان جێیەجێبكەن. ئەمەی نووسیوومە تەنها دڵۆپێكی ئەوخوێنەیە كەهێشتا تك تك بیركردنەوەی ڕۆژانەم دەبزوێنێ، تاوانی ڕژێمی بیابان و ئەنفالەدزێوەكەی دێتەیادم.ئەمەوێ كورتەی ئەوشەڕو كشانەوەیە باسبكەم كەلەو بەرەیەدا ڕویدا. دواشم وایە كەئەپێشمەرگانەی یا ئەوكەسانەی كەبەشداریان لەبەرەنگاری شەڕی بیابانی ئەنفالكردوە بتوانن تۆمار بكەن

كاتێك شاری هەڵەبجە لەرێكەوتی ١٣تا ١٥ی مارشدا كەوتەنیوان كەڵبەی ژەهراوی دوو هێزی داگیركەر، لەهەمووان چاوەنوارِدەكرا كەزجیرەشاخی ناوتاق ،گڵەزەردە ، تادەگاتە ناوچەكانی بازیان بیێتەبەرەی شەڕ. ڕژێمی داگیركەری بەغدا دەمێك بوو لەهەلێكی وادەگرا كەشاری هەڵەبجەوشارۆچكەی خورماڵ وبیارەش بگوێزێتەوە .بگرە پێش ساڵێ دانیشتوانی ئاگاداركردبوەوە كەدەبێ چۆڵی بكەن ،گوندەكان دەمێك بوو كرابوونە ناوچەی قەدەغەكراو.

هەرلەكاتی بوردومانكردنی شاری هەڵەبجە ی شەهید ،سوپای عاگولان و نۆكەرانیان كەوتنە خۆسازدان بۆ هێرشكردنە سەر بەرزایەكانی ناوچەی قەرەداغ وبازیان .چاكتروایە بڵێم لەدەها قوّڵەوە بەچكە وەقاس وخۆفرۆش هێرشیان دەهێنا.دەتوت هەگبەی قینیان جاڕی ئاینێكی تر پێیە..

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٢_٣_١٩٨٨شەڕ دەستی پێكرد.هێزی داگیركەر وای دانابوو كەلەماوەیەكی كورتدا ئەم ناوچانە پاك بكرێنەوە. لەبەرزایی میریاسی كەدەنوارێ بەسەر دەشتی شارەزورو هەڵەبجەی شەهیدیش دیارە،زیاتر دەها هێرشی داگیركەر شكێندران،سەرەڕای ژمارەی كەمی پێشمەرگە ،بەڵام چاو لەهەڵەبجەو بڕوا بەكوردوستان، ووزەی داكۆكی لەخاكی باوباپیرانی پتەوتردەكرد.لەم شەڕەنابەرابەرەدا دووپشمەرگەی قارەمان شەهیدبوون،شەهیدەكان ،شوان محمد قووتو و بارام هەورامی.شایەنی باسە كۆمەڵێ چەك كەوتە دەست پێشمەرگە لەوانە هاوەتێكی شەست كەلەجیاتی قاعدە قابلەمەی برنج كرایە قاعدەبۆی.هەربەهاوەنەش سەنگەرەكانی دوژمن بۆمباباران كران.

وەك ووتم لەبەركەمی ژمارەی پێشمەرگە ،لێشاوی سوپای فتوحاتی تەعریب زۆر ناوچەی داگیركردبوو،ناچار لەڕۆژی ٢٦_٣_١٩٨٨پێشمەرگە كشانەوە بۆبەرزایی كۆلۆش كەدەنوارِی بەسەسەر دۆڵی دوكان و سۆڵەدا.دوژمن سوودی لەوەوەرگرتبوو كەزۆربەی هێزی پێشمەرگەی لایەنەكان لەناوچەدانەبوو تەنها هێزێكی كەمی (ح ش ع) و (ی ن ك) و هێزی پشتگیری كەلەدانیشتوانی گوندەكان پێكهاتبوو.شایەنی باسەهێزێكی (پ د ك)یش دوای یەك ڕۆژ شەڕ چیدی شەڕیان نەكردو تا ئەوبەری دەشتی كۆیەكشانەوە.

لەڕێیی كشانەوە لەگوندەكانی نەوتی،ئاوایی حەمەی كەرەم ،كانی هەنار ،قامیشان و ئاوایی قەڵای قایمز،ئاقوترا نەبێ كەس دیارنەبوو .چونكە هەرلە یەكەم ڕۆەوە فرۆكە ی فاشیستەكان كەوتە كیمیاویی بوردومانكردنی گوندی دوكان و دێوانە.لەم بوردومانەدا خەڵكی ناوچەكە بەتەواوەتە زیانیان پێگەیشتبوو.خێزانی واهەبوو لەسەر سفرەی نان خواردن خواردنەكەیان بەجێ هێشتبوو.دیمەنی كەزۆر سەرهەموومانی كارتێكرد لەماڵێك لەگوندی كانی هەنار لەسەر سفرەكەیان چایەكان لەپیاڵەكان مابووە و فریایی ئەوە نەكە وتبوون ئاژەڵەكانیان لەگەوڕەكان بكەنەدەرەوە ،یان مریشكێك كەتازەجوجەڵەی‌هەڵهێنابوو خنكابوو و ..بەڵێ گوند دوای گوند دوكەڵی لێ بەرزدەبووە ، بۆ ڕۆژی دوایی دوكەڵی وەقاسان دۆڵكەی دوكانی

قاوادابوولەژێرتریفەی مانگەشەوی ئەوشەودا دیسان پێشمەرگە گیانی خاکیان کردەوە سەنگەر لە سەرلوتکەی کۆلوش..هەر ئەوشەوە شەڕدەستپێکرد تابەرە بەیان دوژمن هە ولێدا،بەلاٌم پێسود هێزەکەیان دەشکا..زۆرجاریش فڕۆکەجەنگیەکانیان هێزەکانی خۆیان بوردومانەدەکرد تاکوك هیچ داگیرکەرێ بیر لە هەڵهاتن نەکاتەوە...

پێشمەرگەی دڵی شادی خاك ،خەریکی داکوکی بوو، لەولاشەوە بەدیوی (سێوسێنان)دا ،هێزیکی زلی دوژمن بەرەو ئاوایی ملی دەنا ....پییێشمەرگەکان زوو ئاگاداربوون دەستیانکردەوە،هەموو ئازای شاخ ،چە مەن ،بەرد ودار بەچکە ئەنفالچیان ڕاودەنا ،خوزگە دایکان ئەو ساتە چاویان لێدەبوو کەڕۆلەیکانیان چییان دەکرد .دوژمن بەسەر لێشێیوای بوردومانی هەموولایەکی دەکرد.
بەوشێوەیە جار دوا جار دوژمن هێرشی دەهێنا و بێ پسانەوە سەنگەری پێشمەرگە وئاویەکانی بوردومان دەکرد کەئەنفال لەسێدارەی نەدابوون..کەنوکە لە تالاٌنی ودزین وکوشتن دووربن..
لەڕۆژی٢٦_٣تاکو٣٠_٣_١٩٨٨شەڕ تادەهات خەستتر چونکە بەرزایی قەلاٌی قایمز و شاخی زەردە کلیلی ناوچەکەبوون کە دووژمن بەئاسانی کۆنترۆڵی ناوچەکە بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە،بۆیە دەیویست بەهەرنرخێك بێت ئەودوو زنجیرە بەرزاییەداگیر بکاتەوە..
لەبەر تەواوبوونی تەقە مەنی وگیانی پێشمەرگە ،سەعات یەك و نیوی پاش نیوەڕۆ بڕیاردرا بەرەو بناری قۆپی کشانەوە درێژەی پێدرێ...سەیر لەوەدابووکە پێشمەرگە دووڕۆژدەبودوو ئەودووبەرزاییەی چۆڵکردبوو کەچی هێزەکانی عۆجەی ئەنفال نەیان دەوێرا ڕووبکەئەوێ..

بەهار بەخەم و دڵشکاویەوە بەرگی سەوزی دەکرد بەسروشتی دزراوەوە، دەتووت ئەویش دەبارە برینی کۆنی ئەنفالی سەدەهاساڵ لەمەوبەری دەکوڵیتەوە ..لە گوندی (کۆشکی سەرو) دوای داگیرکردنی (سێوسێنان) ، هێزەکەمان کۆبوەوە بەرەو قۆپی قەرەداغ تا هەواڵی ئەنفالێکی تازە بەنارامسین بڵیین..دوکلەڵ ئەودوڵەشی دەتەنی ،(قۆپیقەرەداغ)یش لەڕاماندا تەنها لووتکەی دیاربوو..

زۆربەی هێزی پێشمەرگە لەقۆپی خوی قایمکرد..هەندێ هێزیش درێژەی بەکشانەوە بۆ ئارانی گەرمیان دەدا بەتاییەتی بریندار و پەکەوتەکان و هەندێ لەخەڵکی ناوچەش .

ماویەتی

گەرمەی شەڕ
بەهاری ١٩٨٨ ناوچەی قەرەداغ
ئارام هەورامی